# تۆ بلێی زمانزانین غەمی داهێنەران نەبێ؟

**ئازاد عەبدولواحید**

* لە وتارێکی لەوە پێشترمدا نووسیم بە دەگمەن نەبێ، دەنا نووسەران و داهێنەرانمان زۆر بایەخ بە زمانی نووسین و دەقەکانیان نادەن، ئەگەرچی هەندێکیان بابەت و نووسین و دەقەکانیان، هەر خۆیان تایپیان دەکەن و بە تایپکراوی دەیاننێرن، بەڵام خوانەکا بە نووسین و دەقە تایپکراوەکەی خۆیاندا بچنەوە، هەر نەبێ (هەڵەچن)یان بکەن، تا ئەگەر هەڵەیەکیان بەسەردا تێپەڕیوە چاکی بکەنەوە. زۆرجار بابەت و نووسینی گەلەک جوانمان بەدەست دەگات، بەڵام لەبەر گوێ نەدان بە دارِشتن و کوردییەکەیان، ناتوانین بابەتەکان بڵاوبکەینەوە، بۆیە پشتگوێ دەخرێن. هەندێ نووسین و بابەتیش هەن، لەبەر ئەوەی دەگمەن و دانسقە و سەرنجڕاکێشن، بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی نووسەرەکەی جارێکی دیکە دایاندەڕێژینەوە، بەڵام نایشارینەوە ئەم کاری سەرلەنوێ دارِشتنەوەیە کاتی زۆرمان لێ دەبات، بۆیە ناتوانین ئەو کارە لەگەڵ هەموو نووسین و بابەتەکان بکەین، بە تایبەتی لە ئێستادا هەر فریا ناکەوین بەو هەموو نووسینانەدا بێینەوە کە ناوەرۆک و ناواخنیان جوان و نوێیە، بەڵام کوردییەکەیان شل و شێواو و لاوازە، وەک وتمان ئەو کارە تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینانەدا دەکەین کە زانیاری نەزانراو، جیهانبینی نوێ، بیروبۆچوونی سەرنجڕاکێش، یان بابەتێکی دەق و مۆر نەشکاو بێت، بەشی هەرە زۆری ئەوانەش نووسەر و داهێنەرە لاوەکانن کە ئەزموونی بە کوردی نووسینی دوورودرێژ و زۆریان نییە.

* ئەم پشتگوێ خستن و بە کەم بایەخ تەماشاکردنەی زمان، بەشێکی داهێنەرەکانیشمانی گرتووەتەوە، کە شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و نۆڤلێت و ڕۆمان دەنووسن، ئەوانە پێیان وایە داهێنان و فەنتازیای ئەوان پێوەندی بە زمانزانینەوە نییە، لە کاتێکدا هەمیشە و لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا زمانزانین بۆ داهێنەرەکان ئەرکی سەر شانە و پەیام و کارێکی سەرەکییانە و زۆر گرنگە لەبەرچاوی بگرن، چونکە یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی داهێنەران ئەوەیە زمانی نەتەوەکەیان نوێ بکەنەوە، واتە ئەو زمانەی کە لە ڕۆژنامەگەری و میدیا و نووسینی ڕۆژانەدا دەسوێ و ئیستیهلاک دەبێ، ئەوە لە داهێناندا، بە تایبەتی لە بواری داهێنانی (شیعر)دا بە پلەی یەکەم، هەروەها داهێنانی بواری (چیرۆک)دا بە پلەی دووەم نوێ دەکرێتەوە. ئەو بیروبۆچوونە نەک هەر بۆ زمانی کوردی ڕاستە، بگرە هەر نووسەرێکی داهێنەر دەگری، ئەگەر بۆ نووسین و داهێنان پەنای بردە بەر زمانی نەتەوەیەکی دیکەش هەر دەبێ ئەرکی نوێ کردنەوەی زمانی ئەو نەتەوەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی، هەر بۆ نموونە نووسەرێکی گەورەی لبنانی وەک (جۆرج شەحاتە) کە بە زمانی فەرەنسی کارەکانی خۆی نووسیوە و ئەدۆنیس سێ لەو شانۆنامانەی ئەوی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و پێشەکییەکی جوانی بۆ نووسیون، لەو پێشەکییەدا دەڵێ بەپێی بیروڕا و بۆچوونی ڕەخنەگرە فەرەنساییەکان (جۆرج شەحاتە) زۆر خزمەتی زمانی فەرەنسی کردووە و لە نووسینەکانیدا هەوڵی نوێ کردنەوەی زمانی فەرەنسی داوە، بۆیە داهێنەرەکان لە هەموو کەس زیاتر لە زمانی

نەتەوە و نوێ کردنەوەی زمانەکەیەوە نزیکن و دەبێ ئەو زمانە بە باشی بزانن و بەکاری بهێنن و پێی بنووسن، چونکە بەشێکی گەورەی ئەرکەکەیان لەپاڵ نوێ کردنەوەی جیهانبینی و خەیاڵ و تەکنیک و کەرستەکانی نووسین، دەبێ زمانەکەیان شان بە شانی ئەو ڕەگەزانە بەڕێوە بروات.

* ئەو بیروڕایەم هەرگیز بەو مانایە نایەت ئەگەر داهێنەران زمانەکەیان کەموکووڕیی تێدا بوو، ئیدی لێیان بکرێتە بیانوو و بۆ لێدانی داهێنەرەکە بقوزرێتەوە و سەرگوێلاکی بکوترێتەوە، بەو هۆیەوە (داهێنان) و نووسینەکانی کەم بایەخ تەماشا بکرێن و پەراوێز بخرێن. ئەم جۆرە ڕەخنانە کە بە ڕەخنەی (زمانەوانی) دەناسرێن لە هەموو شوێنێکدا هەن، بە تایبەتی لای خۆمان و لە وڵاتانی دەوروبەرمان، یەکێک لەو وڵاتانە کە لە پاڵ خۆمانە (ئێراق)ـە، کە زۆر لەو جۆرە ڕەخنەیەی تێدا بەدی دەکرێ و ئێستاش لەسەری بەردەوامن و دەنووسرێ، بە تایبەتیش لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، لەوانە: (جەلال حەنەفی) و (د. عەلی جەواد ئەلتاهیر) و (د. نیعمەت ڕەحیم ئەلعەزاوی) زۆرتر ئەو جۆرە ڕەخنەیەیان دەنووسی.. د. عەلی جەواد ئەلتاهیر کە بە شێخی ڕەخنەگران ناسرابوو، لە سۆربۆن خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، کەسێکی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرێکی گەورە و گرنگی ئێراق بوو. لەبیرمە ساڵی ١٩٧٨ لە (یەکەمین دیداری چیرۆکی ئێراقی)دا کە (٦٠) چیرۆکنووس و ڕەخنەگری کورد و ئێراقی لەو دیدارەدا بانگهێشت کرا بوون، لە ڕۆژانی ئەو دیدارەدا ئێوارەیەکیان بۆ چەند چیرۆکنووسێکی عەرەبی ئێراقی تەرخان کردبوو تا چیرۆکی خۆیانی تێدا بخوێننەوە، ئەوە بوو (ئەمجەد محەمەد سەعید، ئیلهام عەبدولکەریم، عەبدوڵلا ئەلصەخی) وەک سێ چیرۆکنووسی لاو چیرۆکەکانی خۆیان تێدا خوێندەوە، دواتر د. عەلی جەواد ئەلتاهیر هات بەدواداچوونێکی ڕەخنەیی (زمانەوانی) بۆ چیرۆکەکان کرد و وای نیشان دا کە ئەو چیرۆکنووس و نووسەرە لاوانە بایەخ بە زمانی عەرەبی نادەن و عەرەبی نازانن و زمانەکەیان وێرانە، ئیدی لە بەدواداچوونەکەیدا تەنیا لەسەر لایەنی (زمانەوانی) گیرسایەوە و بەهیچ شێوەیەک بەلای هونەری کورتە چیرۆکدا نەڕۆیشت، لەم ڕووەوە هیچی بۆ نەهێشتنەوە، بۆیە لەناو هۆڵەکە مشتومڕێکی زۆری دروست کرد.

* بە بڕوای من ناکرێ لە پرۆسەی داهێنان و خوڵقاندا، کەسێک بەناوی ڕەخنەی زمانەوانییەوە بێت و هەموو جوانییەکانی دەقێک بەلاوە بنێت و ئاستی داهێنانی داهێنەرەکە نادیدە بگرێ و یەکسەر بچێتە سەر چەند هەڵەیەکی زمانەوانی و لە بەهای هونەری و ئێستێتیکایی دەقەکە کەم بکاتەوە، هەر ناکرێ هەڵەیەکی زمانیی، تۆ بڵێ چەند هەڵەیەک، ڕستەیەک، یان چەند ڕستە و دەربڕینێک وا لە ڕەخنەگرەکە بکەن بەهۆی ئەو هەڵە زمانی و ڕێنووسییانەوە دەقەکە زەربی سفر بکات و هیچی تێدا نەهێڵێتەوە. ئێمە گوتمان ناکرێ داهێنەر بە هیچ پاساوێک زمانی نووسینی خۆی فەرامۆش بکات، بەڵام خۆ کەسیش لە هەڵەکردن و کەموکووڕیی بەدەر نییە، لێرەدا مشتومڕ و گفتوگۆی نێوان زمانزانێکی کلاسیکی وەک (د. نیعمەت ڕەحیم ئەلعەزاوی)مان لەبیرە کە لەگەڵ ڕۆماننووس (عەبدولخالق ئەلرکابی)نایەوە. ئەم ڕۆماننووسە کە یەکێکە لە ڕۆماننووسە داهێنەر و بەرچاوەکانی ئێراق، لەبەر ئەوەی بە تەواوی بەسەر زمانی نووسینی ڕۆمانەکانیدا زاڵ نەبوو، گفتوگۆیەکی گەرموگوڕیان لە بارەی زمانی ڕۆمانی (الطاووق) دروست کرد، ئەو گفتوگۆیەیان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی (الجمهورية) ماوەیەکی زۆری خایاند و هەرایەکی گەورەشی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بێجگە لەو ڕۆماننووس و زمانزانە چەندان نووسەر و ڕەخنەگری عەرەبی دیکە هاتنە سەر خەت و کەوتنە داکۆکی کردن لە ڕۆمانەکەی (عەبدولخالق ڕکابی) و وەک ڕۆمانووسێکی داهێنەر پاڵپشتی و پشتیوانییان لێ کرد.

* پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەو جۆرە ڕەخنە زمانەوانییە پتر لەلای ئێمە و چەند وڵاتێکی دەورو پشتمان بەرچاو دەکەون، چونکە لە دنیای پێشکەوتوودا دەمێکە ئەو گرفتەیان چارەسەر کردووە، لەلای ئەوان هەموو داوودەزگاکانی چاپ و پەخشی کتێب، یان تەنانەت گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشیان سەرپەرشتیار و پسپۆڕی زمانەوانی خۆیان هەیە، ئەوانە تاکە کار و ئەرکیان ئەوەیە بەو کتێبانەدا دەچنەوە کە نیازی لەچاپدانیان هەیە، نووسەرەکە چەندی گەورە و بەناوبانگ و داهێنەریش بێ، ئەوان پێداچوونەوە بە بەرهەمەکانیاندا دەکەن. داهێنەران ئەوەندەی لە زمانی خەون و خەیاڵ دەزانن، لەوانەیە ئەوەندە لە ڕێزمان و بواری زمان و ڕێنووس نەزانن، ئەگەر بە سەلیقە و خۆرسک زمانەکەیان باش نەبوو، ڕەگەزێکی گرنگی داهێنانەکەیان لە دەست دەدەن، بەڵام وڵاتانی ئەورووپا لە دەزگاکانی خۆیان، پێش ئەوەی ئەو کتێبە، یان ئەو وتار و نووسین و لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و

بڵاوکـراوەکـانیـاندا لەچاپ بدەن، دەیدەنە دەسـتی سەرپەرشتیاری زمان و ئەوان پێیاندا دێنەوە و ناهێڵن هیچ هەڵەیەکی درشت و گـەورە، یان تەنانەت ورد و بچووکیش بەسەریاندا تێپەڕێ.

* لەبیرمە لە سالآنی حەفتا لەبەغدا لە ئوتێلی (ئەلجەزائیر)، کە خۆم لە هەر سەردانێکی بەغدامدا لەو ئوتێلە دادەزیم، جارێکیان سەردانی ئەو ئۆتێلەم کرد، خاوەنی ئوتێلەکە پێی گوتم هەرچەندە جێگەمان نەماوە، بەڵام جارێ لە ژوورێک داتدەنێم کەسێکی لێیە کە ئەویش شاعیر و ڕۆژنامەنووسە و ئاکنجی لای ئێمەیە وەک (موقیم) دابەزیوە، ئەوە بوو منی لەو ژوورە دانا، کە شاعیرێکم تێدا ناسی ناوی (عەبدولموحسین عەقراوی) بوو، ئەو کە شاعیرێک بوو شیعری ستوونی دەنووسی، هەر بە زمانی عەرەبی قسەی لەگەڵ کردم، لەسەر مێزێک لە ژوورەکەدا کۆمەڵێک فەرهەنگ و دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی عەرەبی کەڵەکە کردبوو، دوای یەکتر ناسین و قسەکردن، پێم گوت بۆچی تۆی ئاکرەیی بە عەرەبی قسە دەکەی؟ گوتی من هەر بە عەرەبی خوێندوومە و لەناو عەرەبان گەورە بووم. خۆی پێ نەگیرا ڕستێک شیعری عەرەبی لە شیعرە بێ تامەکانی خۆی بۆ خوێندمەوە، پاشان کە پرسیاری شوێنی ئیشوکارەکەیم لێ کرد، پێی گوتم من (پەرشتیاری زمانەوانی)م لە گۆڤاری (الطلیعة الأدبیة)دا کە ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی ئەدەبی تایبەت بوو بە نووسین و داهێنانی لاوەکان، هەروەها ئەو (د. نیعمەت ڕەحیم ئەلعەزاوی)یە کە لەگەڵ (عەبدولخالق ڕکابی) گەنگەشەی لە بارەی زمانی ڕۆمانەکەیەوە کرد، سالآنی دواتر کرایە (پەرشتیاری زمانەوانی) لە ڕۆژنامەی (الجمهوریة)دا، بەم جۆرە گۆڤاری (الأقلام)یش کە یەکێک لە گۆڤارە باشەکانی ئەو سەردەمە بوو، لەگەڵ زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێراق لەژێر دروشمی (السلامة اللغویة)دا، سەرپەرشتیاری زمانیی تایبەت بەخۆیان بۆ دادەمەزراندن.

* ئێمە لێرەدا کە باسی گرنگیی بوونی سەرپەرشتیاری زمان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە داوودەزگاکانی چاپکردنی کتێب بۆ پێداچوونەوە و هەڵەبڕکردنی زمانیی دەکەین، بە پێویستی دەزانم کە بڵێم لە هەموو ئەو بڵاوکراوە و دەزگایانەدا پێویستە کەسانی زمانزان هەبن تا بە نووسین و بابەتەکانی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەکاندا بێنەوە، هەروەها دەبێ داوودەزگاکانی چاپ و پەخشی کتێبیش کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە زمان، لەلای خۆیان دابنێن تا بەزمانی نووسینی نووسەران و کتێبەکانیاندا بچنەوە و ڕێنووسەکانیان، زاراوەکان، ناوی نووسەر و ڕەخنەگر و فەیلەسووف و بیرمەند و هونەرمەندانی بیانی، ناوی شار و شارۆچکەکان یەک دەست بکرێن، نەک پەنا ببرێتە لای کەسانێک کە زۆر باسی زمان پاراوی دەکەن و زۆر لە بارەی زمانەوە دەنووسن و دەدوێن، بەڵام خۆیان کە بە کوردی دەنووسن، کوردییەکەیان باش نییە و بۆ ڕستەیەکی کوردیی پوخت و ڕاست و ڕەوان دەچن بە ئاسماندا. هەمانە (پسپۆڕی)یەکەی گوایە لە زمانە، یان لە فەرهەنگدانانیدا دەستی هەیە، کەچی ناتوانن لاپەڕەیەکی خورشیدی بە کوردییەکی جوان بنووسن، نووسەری ئێمە کە بە زمانی نەتەوەی دیکە دەنووسن، کەس لێیان قبووڵ ناکات زمانەکەیان لێ تێک بدات و بە زمانێکی شەقوشڕ بنووسن، ئیدی نازانم بۆ کە خۆمان بە کوردی دەنووسین ڕێگە بە خۆمان دەدەین نابەرپرسیارانە و بێباکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانەکەی خۆمان بکەین؟

* بە پێچەوانەی ئەوانەی (زمان) زۆر جێگەی بایەخیان نییە، سەلیم بەرەکات بە نموونە دەهێنمەوە، ئەو کە لە سالآنی هەشتاکان هاتبووە بەغدا بۆ ئەوەی لە میهرەجانی (میربەد)ی شیعریی بەشدار بێت، لە ئوتێلی (کۆشکی ڕەشید) لەگەڵ مەحموود دەروێش لەو ئوتێلە دابەزیبوو، ئێمە کە بۆ سەردانی پیشانگایەکی کتێب چووبووینە بەغدا، کاتێ بە هاتنی (سەلیم بەرەکات)مان زانی لەگەڵ چەند برادەرێک چووینە لای و لە نزیکەوە ناسیمان، ئەوکاتە و لەو یەکتر ناسین و بینینەیدا ئەوەی بۆ باس کردین کە ئەو تا ساڵی (١٩٧٠)ش بێجگە لە زمانی کوردی، هیچ جۆرە زمانێکی دیکەی نەزانیوە، دواتر کە لە ژینگە کوردییەکەی خۆی (قامیشلوو) چووەتە دەرەوە و یەکەم جار لە دیمەشق، دواتر لە بەیرووت گیرساوەتەوە و فێری ئەو زمانی عەرەبییە بووە، کە ئەمڕۆ بە نیشتمانی خۆی دەزانێ. ئێستا زمانەکەی بە یەکێک لە سیما بەرچاو و زەقەکانی ناسینەوەی کارەکانی ئەو داهێنەرە بە ڕەچەڵەک کوردە دادەنرێت، تەنانەت ئەو زمانە باڵایەی (بەرەکات) وای لە ڕەخنەگرانی عەرەب و بیانی کردووە بڵێن ئەگەر ئەدۆنیس باڵێکی نوێخوازی نێو شیعری عەرەبی بێت، ئەوە (سەلیم بەرەکات) باڵەکەی دیکەی نوێ بوونەوەی شیعری عەرەبییە، ئەدۆنیس دەمێکە لە بارەیەوە گوتوویەتی (کلیلی زمانی عەرەبی لە گیرفانیدایە)، پرسیار ئەوەیە داهێنەرانی کوردی کوردینووس، بۆچی هەوڵ نادەن کلیلی زمانی نەتەوەکەیان بخەنە گیرفانیانەوە؟!